## بیرەوەرییەکانی نادر فەتحی لەسەر یاریی والیباڵ لە بۆکان



نادر فەتحی

والیباڵ وەك وەرزشێکی چالاك لە بۆکان لە زۆر زووەوە لە ناو لاواندا باو بووە. بە بێ ئەوەی کەسێك هاندەرم بێت، هەر لە منداڵییەوە هۆگری یاریی والیباڵ بووم. رەنگە هۆیەکەی ئەوە بووبێ کە والیباڵ پێویستییەکی بە ئیمکاناتی ئەوتۆ نەدەویست و تەنیا بە تۆپێکی پلاستیکی و شریتێك دەمانتوانیٔ لە هەر کووچەیەك کە ئیزنیان بداینەتێ، یاری بکەین. لەبیرمە بەتایبەت بەهۆی داخرانی قوتابخانەکان لە هاویندا کار و پێشەی رۆژانەمان تەنیا یاری والیباڵ بوو. هێندەمان والیباڵ دەکرد هەتا هەموو قامکەکانمان دەقەڵەشی. ئەو تۆپە پلاستیکیانەی ئەوکات یاریمان پێدەکرد، گۆشەی وای پێوەبوو کە وەك چەقۆ تیژ بوون و کاتی ئەفشار لێدان دەستی بریندار دەکردین.

دوای تێپەڕبوونی قۆناغی سەرەتایی و کاتێك چوومە دەبیرستان، بە شێوەی بەردەوام و تا رادەیەك رێك و پێکتر دەستم کرد بە یاری والیباڵ. دیارە ئەوکات ئیمکاناتێکی ئەوتۆ بۆ فێربوونی والیباڵ نەبوو و تەنیا بە سەیرکردنی یاری زانەکانی لەخۆمان بە ئەزموونتر، فێڵ و فەنی یارییەکەمان تا رادەیەك بۆ روون دەبۆوە. تا ئەو جێگایەی لە بیرم بێ، زەوی ئاسفالت کراوی والیباڵ تەنیا لە قوتابخانەکان هەبوو. سەرەڕای هەموو چاڵ و چووڵەکانی بە چەندین کاتژمێر لەبەر تاوی سووری هاویندا یاریمان دەکرد. ئەوکات لە دەبیرستان رێزدار کاك حسێن عەبدوڵاهی مامۆستای وەرزشمان بوو. ئەگەر پرسیاری تکنیکیمان بایە یارمەتی دەداین و یاساکانی والیباڵی بۆ روون دەکردینەوە.

لە کلاسی حەوت واتە یەکی دەبیرستانەوە هەتا کلاسی چواری دەبیرستان، هەر بە شێوەی ساکار و لە دەبیرستان یاری والیباڵ بەڕێوە دەچوو. ئەوکات لە دەبیرستان تا دوازدەی نیوەڕۆ دەرسمان دەخوێند و تەنیا کاتژمێرێکمان بۆ پشوودان هەبوو و دواتر دەست بە خوێندن دەکراوە. زۆر کەس بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ دەچوونەوە بۆ ماڵی خۆیان، بەڵام ئێمە لەوێ دەماینەوە و یاری والیباڵمان دەکرد. تا ئەو جێگایەی لەبیرم بێ، ئەوکات ئەو بەڕێزانە والیباڵیان دەکرد: قەرەنی ئیلخانی زادە، تەها عەلیار، ئەبووبەکر علیار، نەمر محەمەد رەحمانی، نەمر برایم ئیلخانی زادە، جەمشید عەلیار، سەید کامیل نیزامی، فەتاح ئیلخانی زادە، عومەر بەسری، حسێن نیستانیپوور، جەعفەر عەسکەری، عەوڵا ئەمینی، حسێن سالمی، نادر فەتحی و... پێش دەورەی ئێمەش کاسانیك والیباڵیان کردوە کە بەداخەوە من

شارەزایی تەواوم لە سەریان نییە و تەنیا ناوی چەندکەسێکم لە بیر ماوە کە بۆ یادکردنەوە لەو بەڕێزانە لێرەدا ناویان دێنم: ئەحمەد سامبەگی، حسێن عەبدوڵاهی، عەلی وەفادار, محەمەد محەمەدی، هاشم رەزایی، سەلاح ئاهەنگەری, علی بەسری، ئیسماعیل فەتحی، ئەنوەر عەبدوڵاهی، جەعفەر حەسەن زادە، رەحمان حەسەن زادە، مینە میرزایی و ...

ماوەیەك دواتر لە مەیدانی فوتباڵ زەویەکی ئاسفالتکراویان بۆ والیباڵ دروست کرد کە ئێوارانە دوای تەواوبوونی قوتابخانە و بەتایبەت هاوینان بۆ چەند کاتژمێرێك لە رۆژدا لەوێ یاریمان دەکرد. هەر لەوێشەوە تیمی والیباڵی بۆکان بە فەرمی دروست بوو و زۆر جار کێبەرکێمان لەگەڵ شارەکانیتریش دەکرد. بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی وەرزشی و تەنانەت بە بێ بوونی راهێنەر، پلەیەکی ئەوتۆمان لە ناوچەکەدا نەبوو. بۆکان بەخشی شاری مەهاباد بوو، سەربەخۆ نەبوو و ئیمکاناتی وەرزشی وەك شارەکانیتر پێ نەدەدرا، سەرەڕای ئەوش، زۆر جار لە تیمی شارەکانی سەقز، شنۆ و سنە و ... مان دەبردەوە.

ساڵی 1355ی هەتاویی دوای تەواوکردنی دەبیرستان و وەرگرتنی دیپلۆم، لە دانشسەرای راهنمایی ورمێ لە رشتەی وەرزشدا درێژەم بە خوێندن دا. چونکە ورمێ ئەو کات یەك لە هەرە تیمە باشەکانی والیباڵی ناو ئێران بوو، هەلێکی زۆر باشم بۆ هەڵکەوت تا بە شێوەی ئوسوولی درێژە بە فێربوونی یاریی والیباڵ بدەم. بە یارمەتی ئەحمەد نیعمەت زادە کە هاوکلاسی ئەوکاتم لە دانشسەرا بوو و خۆی یەك لە باشترین یاری زانەکانی والیباڵ لە تیمی ورمێ بوو، رێگام بۆ چوونە ناو تیمی ورمێ بە راهێنەریی یەدوڵا کارگەرپیشە کە ماوەیەکی زۆریش راهێنەری تیمی میللی ئێران بوو، کرایەوە. ئەو چەند ساڵەی لەوێ بووم بە باشی و لە رێگای زانستییەوە لەگەڵ ئەو وەرزشە ئاشنا بووم و ئەزموونێکی زۆرم کۆ کردەوە. ئارەزو و ئاواتی گەورەم ئەوە بوو کە بەو ئەزموونانەی لە ئیمکاناتی تیمێکی باشی وەك ورمێ وەرم گرتبوو، رۆژێك لە رۆژان بتوانم بە گەڕانەوەم بۆ بۆکان ئەو ئەزموونانە لە ئیختیاری لاوانی بۆکانی دابنێم و بتوانم والیباڵی بۆکانی پێ دەوڵەمەند بکەم.



لە چەپەوە : سادق ئەمیری، نادر فەتحی، ئەحمەد نعمەت زادە

به هۆی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1357  و چالاکیم لە بواری سیاسیدا، لە یاری والیباڵ لە ورمێ دابڕام. دوای هێرشی لەشکری ئیسلام بۆ سەر شارەکانی سنە و سەقزو... ئیتر یارمەتی ماڵیی لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ شاری بۆکان نەدەهات و تەنانەت مووچەی هەموو کارمەندانی ئیداری و بەتایبەت ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش یان بڕی.  قوتانخانەکان هەر هەموویان داخران. ئەو کات کۆمەڵە ڕێکخراوێکی سیاسی بە ناوی "جمعیت معلمان مبارز" بۆ ئاوەدانکردنەوە و دانەخرانی قوتابخانەکان وەڕێ خست و داوای لە مامۆستایان کرد کە بە بێ چاوەڕوانی پارەوەرگرتن و تەنیا بەو مەبەستە کە منداڵان لە دەرس و خوێندن وەدوا نەکەون، یارمەتی ئەو جمعییەتە بکەن. منیش لەگەڵ چەند لە هاڤەڵان لەو جەمعییەتەدا بەشداریمان کرد. پێش نیوەڕۆ و پاشنیوەڕۆ لە دوو قوتابخانە دەرسم دەداوە.

بیرە وەرییەکی خۆش: ڕۆژێك بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ چوومەوە ماڵێ و چونکە بە پەلە بووم و تەنیا کاتژمێرێکم کات هەبوو، هەرام لە دایکم کرد (ئێمە لە ماڵێ، دایکمان هەر بە ناوی بچووکی بانگ دەکرد): "سوغرا زووبە نانم دەیە دەبێ بڕۆم."  باوکم یادی پیرۆز بێ، لە ژێرخانەکەمانەوە دیارە بە تەشەرەوە، هەرای لە دایکم کرد و گوتی: "سوغرا دە زووبە بۆی تێکە، کوڕەکە دوو شیفتەیە."

بەهەر حاڵ ئەو ماوەیە لەبەر کاری قوتابخانە، زۆر کەم فریای وەرزش دەکەوتم و دوای ساڵێك دەوڵەت هێرشی بۆ بۆکان هێنا و بۆکانی گرتەوە. من لەگەڵ چەند هەڤاڵی خۆم چوین بۆ گوندی ئەختەتەر. ئەگەرچی سەرتان دەهێشێنم، بەڵام بیرەوەرییەکی خۆشم لە ئەختەتەر هەیە کە ناکرێ لێی بوگزەرێم. ئەو کات بۆ پێکەنین دەیانگوت هەرکاس ئاوی ئەختەتەر بخواتەوە کەر دەبێ. ماوەی چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە. ڕۆژێك چەند لە کوڕەکان گوتیان بە دزیەوە دەچینەوە ناو بۆکان. هەم سەری ماڵێ دەدەین و هەم دەچین بۆ حەمام. من نەموێرا بچمەوە بەڵام داوام لێ کردن سەرێکی ماڵی ئێمە بدەن و هەواڵی سڵامەتی من بە دایکم بگەێینن با نگەران نەبێ. ئەوانیش ئەو کارەیان کردبوو. بەڵام بۆ پێکەنین بە دایکمیان گوتبوو: "سڵامەتی نادر باشە و زۆر بە کەیفە بەڵام لە ئەختەتەر پەیتا پەیتا هەر ئاو دەخواتەوە." دایکیشم ڕەنگە ئەو نوکتەیەی سەبارەت بە ئەختەتەر نەبیستبوو، لە وەڵام دا گوتبووی: "ئەی ڕۆڵە گیان دایکت کوێر بێ ، ئەو فێرە میوەیە بۆیە هێندە ئاو دەخواتەوە!"

لە ئەختەتەر هەڵم نەکرد و ماوەیەك چوومە مەهاباد و دواتر چووم بۆ ورمێ و وەدوای وەرگرتنەوەی بەڵگەی دانشسەرا کە تەواوم کردبوو، کەوتم.

ئەو کاتەی لە دانشسەرای ورمێ بوین هاوکلاسییەکمان هەبوو بە ناوی برایم شەهنەواز. ئەو ... بابە، زەمانی شا هەمیشە مەست بوو، هێندەی بۆنی ئەڵکۆڵ لێ دەهات کەس لە کلاس لە تەنیشتیەوە دانەدەنیشت. کەچی بوو بە فاڵانژی جمهووری ئیسلامی و دواتر کردیان بە بەرپرسی تەربیەت بەدەنی ئیدارەی ئاموزش و پەروەرشی ئوستان. منیان بە گوتەی خۆیان "پاکسازی" کرد و لەسەر کار لایانبردم. دواتر زانیم کە هەر کاری ئەو بێ ویجدانە بووە. ڕۆژێك ئەحمەدی نعمەت زادە کە تا ئەو کات ئەویش هەر بێ کار بوو، پێی گوتم، نادر، کارەکەم دەدەنەوە، بەڵام شەهنەواز مەرجی بۆ داناوم. مەرجەکەش ئەوەیە یەك ساڵ لە مەهاباد کاربکەم. ئەو کات بارودۆخی مەهاباد زۆر باش نەبوو و دەتونم بڵێم هەموو ڕۆژێك شەڕ و پێکدادانی پێشمەرگەکان لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی ناو شار بوو. ئەحمەد هیچ ڕێگایەکی بۆ نەمابۆوە و لەبەر ئەوەی کارەکەی بۆ هەمیشە لە دەست نەدا داوای لە من کرد کە یارمەتی بدەم. دیارە زۆر ترسابوو.

وامان بڕیار دانا كه لەگەڵی بچم بۆ مەهاباد و ماوەیەك له لای بمێنمەوە. له سابڵاغ به تایبەت والیبالیستەكانم چاك دەناسی. والیباڵیستەكان هەمیشه له دووكانێكی وەرزشی كۆ دەبوونەوە، كه هی كاك سادق ئەمیری زاوای مامۆستا محەمەد ماملێ بوو. كاك سادق یەك له دۆستانی خۆم بوو. یاریزانێكی زۆر به ئەزموون بوو و چەند ساڵ له تیمی والیباڵی دوخانیاتی تاران یاری كردبوو. دوای جێبەجێ كردنی كاروباری ئیداری، ئەحمەدم برد بۆ دووكانەكەی كاك سادق. باشم لەبیره زۆر به رووخۆشی و ئەوپەڕی خۆشەویستییەوە وەریان گرتین. ماوەی شەش مانگ له مەهاباد مامەوە و هەر لەوێش والیباڵم لەگەڵ تیمی مەهاباد و تیمی هیلالی ئەحمەر درێژە پێدا. یادیان پیرۆز یاریزانانی ئەوكاتی مەهاباد ئەو بەڕێزانه بوون: سادق ئەمیری، سەلاح سەیادەت كه هەر له بۆكانەوە دەمناسی، كاك محەمەد ئیسلامی(سووره)، نەمر خالید وەزیری، جەعفەر كەفاشی(ماوەیەك له ئیدارەی ماڵاریای بۆكان كارمەند بوو)، تاهیر كەریمی و ... رۆژێك له كوچەی كاك محەمەد ئیسلامی له دەرەوه یاریمان دەكرد. زۆر جار كه یاریزانەكانیان دابەش دەكرد، من و سووره دەكەوتینه بەرێك. رۆحی شاد، سووره هەموو جارێك به شۆخی دەیگوت: "سوورەی بۆكان و مەهاباد یەک بگرن، پیاوم دەوێ لێیان بەرێتەوە!"



تیمی هیلال ئەحمەری سابڵاغ، بەداخەوە ناوی زۆربەیانم لەبیر چۆتەوە. راوەستاو له چەپەوە : جەعفەر كەفاشی، سەلاح سەیادەت، كەسی ئاخر نادر فەتحی، دانیشتوان ناوەڕاست، كوڕی ماڵی سەید ئەحمەدی



هەیئەتی داوەری له مەهاباد، له چەپەوە: ئەحمەد نعمەت زاده، نادر فەتحی

دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ چوومە تاران و لەوێ بەهۆی کار و چەرمەسەری ژیان نەمتوانی والیباڵ بکەم. هاوینی ساڵی 1361ی هەتاوی کە بارودۆخی بۆکان کەمێك هێمن ببۆوە، گەڕامەوە بۆکان و هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتمەوە بۆکان، ڕۆژی کرانەوەی ساڵۆنی والیباڵ بوو کە تازە دروستکرابوو. تەها عەلیار زانیبووی کە هاتوومەتەوە، هاتە شوێنم و منی لەگەڵ خۆی برد بۆ ساڵۆن. زیاتر لە دوو ساڵ و نیو بوو والیبڵیستەکانی بۆکانم نەدیبوو. چاوم پێیان شاد بۆوە. هەر ئەو ڕۆژە منیان وەك ڕاهێنەر هەڵبژارد. چەند ڕۆژ دواتر بە یارمەتی ئەنوەر حەبیب زادە کە خزم و دۆست و هاوکلاسیی قەدیمم بوو وەك مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەی 7ی تیر کە لە لای سەلاخانە و پشت شرکتی نەوتی حەبیب زادە بوو،دامەزراند (نەک بە فەرمی بەڵکوو وەك قەرقردادی). مامۆستایانی وەرزشی ئەو کات بریتی بوون لە کاك حسێن عەبدوڵاهی، حسێن عەبباس زادە، نەمر عوسمان کاوەیی، عومەر یاسی کەندی، سمائیل ئاقاعەزیزی، کەریم شەریفی، سەید خالید ئیسلام زادە، موحسین حەسەنیانی، ئەنوەر حەبیب زادە و چەند مامۆستا لە سابڵاغ و ورمێ کە بەداخەوە ناویانم لەبیر نەماون.



ڕاوەستاو لە چەپەوە: ئەنوەر حەبیب زادە، حسێن عەبدوڵاهی، خالید ئیسلام زادە، نادر فەتحی، حسێن عەبباس زادە، سمائیل ئاقاعەزیزی ، ئەحمەد تەها و دانیشتوان لە چەپەوە: نەمر عوسمانی کاوەیی، کەریم شەریفی، عومەر یاسیکەندی

هاوکات لەگەڵ کارکردن وەك مامۆستای وەرزش، ئێوارانە لەگەڵ دوو تیمی هەڵبژاردراو و لاوانی بۆکان وەك ڕاهێنەر کارم دەکرد. بەدوای دروستبوونی ساڵۆنی والیباڵ و چالاکی بەردەوامی لاوان لەو ڕشتەیەدا، والیبالی بۆکان گەشەیەکی زۆر باشی سەند و لە پەنا تیمی هەڵبژاردراوی بۆکان و تیمی لاوان، چەندین تیمی تریش وەك: ئاکۆ, بەهمەن, شەپۆل, لاوان, سەلاخانە, ئالان و... دروستکران و هەموو ساڵێك کێبەرکێیەکی زۆر سرنجڕاکێش لە نێوانیاندا بەڕێوە دەچوو.

ئەو بەڕێزانەی لەو سەردەمەدا والیباڵیان دەکرد ئەوانە بوون: محەمەد محەمەدی، نەمر ڕەحمان کیان، برایم محەبەتی، سەلاح ئاهنگری، حسێن نیستانی پوور، عومەر بەسری، عوسمان بەسری، حسێن عەبباس زادە، سمائیل ئاقاعەزیزی ، مەسعوود حەسەنیانی، محەمەد ئارەزوومەند(فەقێ)، حسێن

سالمی، نادر فەتحی، مستەفا مەعرووفی، بەدیع زیایی، سمائیل سوڵتانی، عەبلا نەورۆزی، یونس محەمەدی، رەحمان نەورۆزی، سولەیمان مەردان بەگی، ناسر سەعیدی، ئەسعەد عزیز بەیگی(جەنجەڕ)، رەحمان نەجاری، سولەیمان سالمی، ئەردەشیر وەلی زادە، ناسر ئاهنگری، مستەفا عەبباسی، لوقمان عەبباسی، سەلاح بەهاری، موحسین جەولان، سمائیل تەنهایی، جەعفەر فەڕاشی(میهرپەروەر)، ناسر بەهاری، لوقمان بەهاری و ... زۆر کەسیتر کە بەداخەوە ناوەکانیانم لەبیر نەماون، ئەرخەیانم دەبێ هۆیەکەی پیری بێ و هیوادارم بمبوورن. بەڕاستی هێندە لەمێژە و هێندە کۆنین، بە گوتەی کاك عوسمان ئیلخانی زادە ، "وەك دایناسۆری وەرزشیمان لێهاتووە". ئەگار کەسێکیشمان لەبیر چووبێ، سەیر نییە چونکە زیاتر لە 30 ساڵ بەسەر ئەو دەورانەدا تێپەڕ بووە.



تیمی ئاکۆ، راوەستاو لە چەپەوە: عەبدوڵا نەورۆزی، بەدیع زیایی، ناسر سەعیدی، حسێن سالمی، نەمر عوسمان کاوەیی، دانیشتوان لە چەپەوە: نادر فەتحی، ئەسعەد عەزیز بەیگی(جەنجەڕ)، سولەیمان سالمی

لە قوتابخانەی 7ی تیر دەستم کرد بە کار. بۆ یەکەم جار لە مێژووی وەرزشی بۆکاندا کتێبچەیەکی بچووکی پەنجا لاپەڕەییم لەسەر وەرزشە باوەکانی ئەو کات و تایبەتمەندییەکان و یاساکانی وەرزشیی ، بە هاوکاری دۆستێکی خۆشەویست کە بەهۆی ئەمنی ناوی ناهێنم، ئامادە کرد. ئەو خۆشەویستە چەند شەو شەونخوونی کێشا و هەموو پەنجا لاپەڕەکەی بە خەتی خۆشی خۆی نووسیەوە. لە ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش کتێبچەکەمان بۆ قوتابخانە بە چاپ گەیاند. لێرە بەولاوە بۆ یەکەم جار وەرزشەکان هەم بە عەمەل و هەم لە تئۆریدا لە کلاس دەرس دەدراوە. ئەوکات لە ترسی ئیدارەی تەربیەتبەدەنی ئاموزش و پەروەرشی ئوستان و بە تایبەت شەهنواز، کتێبچەکەم بە ناوی ئەنوەر حەبیب زادە و حسێن عەبباس زادە بڵاو کردەوە. بە ورەیەکی بەرز و لە ناخی دڵەوە و بە وزەیەکی بێ کۆتایی

بۆ ڕاهێنان و پەروەردەی قوتابیان و ئامادەکردنیان بۆ کێبەرکێی لە نێوان قوتابخانەکاندا، دەستم بە کار کرد. ڕشتەکانی وەرزشی قوتابخانە ئەوکات بریتی بوون لە دەوی مەیدانی، دەوی 100، 200 و 400 متری، والیباڵ، فوتباڵ، بەسکتباڵ ژیمناستیك، بازدان بە درێژایی، بازدانی بەرزایی و پینگ پۆنگ.

جاری وابوو زیاتر لە دوو کاتژمێر دوای داخرانی قوتابخانە دەمامەوە و لەگەڵ قوتابیان کارم دەکرد. بۆ ڕاهێنانی تیمی فوتباڵ لە دۆستی خۆشەویستم کاك حوسێن عەبباس زادە کە خۆی یەك لە فوتباڵیستە باشەکانی بۆکان بوو یارمەتیم وەرگرت. بەڕاستی زەحمەتێکی زۆری کێشا. لە قوتابخانە شاگردێکم بوو بە ناوی کەماڵ خوسرەوە کە لێهاتووییەکی لەڕادەبەدەری لە هەموو بوارە وەرزشییەکاندا هەبوو. من لە مێژووی وەرزشیمدا لە کوردستان بە غەیری کەماڵ، دوو کەسی ترم ناسیوە کە ئەو لێهاتووییەیان بووە واتە زۆربەی ڕشتە وەرزشییەکانیان زۆر بە باشی زانیوە. یەکەم کاك محەمەد ئیسلامی(سوورە) لە مەهاباد و دووهەم بیژەن وەلی زادە لە بۆکان.

لەو کێبەرکێ یانەدا لە زۆربەی وەرزشەکاندا کەماڵ خوسرەوی بەشدار بوو. ئەو ساڵە لە کێبەرکێی نێوان قوتابخانەکانی بۆکان دا زۆربەی تیمەکانم پلەی هەوەڵ هاتنەوە. ڕۆژێك لە یەك لە کێبەرکێکاندا تووشی ڕێزدار کاك حسێن عەبدوڵاهی هاتم. یادی پیرۆز بێ، رووی تێ کردم و زۆر بە تووڕەییەوە گوتی: "ئەری نادر، کوا ئەوە حیسابییە، "کەماڵی خوسرەوی"ت لێ کردوینەتە داشاهەرە و لە هەموو ڕشتەکاندا لێمان قوت دەکەیەوە؟"



داوەرانی کێبەرکێ کانی قوتابخانەکانی بۆکان

ماوەی یەك ساڵ لە قوتابخانە کارم کرد و ئەزموونێکی باشم لە چالاکییەکان وەرگرت. پاش ئەو ساڵە جەنابی شەهنەواز لە ئوستانەوە بە کارەکەمی زانی و بە نامەیەکی فەرمی داوای لە ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش کرد کە نادر فەتحی پاکسازی کراوە و مافی دەرس گوتنەوەی نییە و دەریکەن. دوای

دەرکردنم دووکانێکی بوتیکم لە پاساژی ساڵحی دانا. بەو هۆیەی دوکانداریی فێڵ و ڕێگای خۆی هەبوو و من بەو فڕ و فێڵەم نەدامزانی، لە کارەکەمدا سەرکەوتوو نەبووم و دوای ماوەیەك دوکانەکەم داخست. پاساژی عەبباسی لە شەقامی دەبیرستان و لە ماڵەکەی پێشووی حاجی هەباس ئاغای عەبباسی ساز کرا. لە قاتی دووهەمی ئەو پاساژە لەگەڵ بنەماڵەی عەبباسی باشگایەکی پینگ پۆنگ مان کردەوە. 25 میزی پینگ پۆنگم لە ورمێ وە بۆهێنا و تا هاتنە هەندەرانم لەوێ بەردەوام کارم دەکرد.

ساڵی 1363 ی هەتاوی لە لایەن ئیدارەی تەربیەت بەدەنییەوە لەگەڵ ڕێزدار کاك محەمەد محەمەدی ناردراین بۆ دەورەیەکی تایبەتیی ڕاهێنەری والیباڵ لە شاری ورمێ. دەورەکە حەوت ڕۆژ درێژەی کێشا و لە لایەن ڕاهێنەری تیمی میللی چینەوە بە ناوی "جان یەن چینگ" بەڕێوە دەچوو.



محەمەد محەمەدی، نادر فەتحی



جان یەن چینگ، نادر فەتحی



دەورەی ڕاهێنەری والیباڵ لە ورمێ: محەمەد محەمەدی، نادر فەتحی



راوەستاو تیمی والیباڵی "هلال ئەحمەر"ی بۆکان لە چەپەوە: موحسین جەولان، سەلای بەهاری، سولەیمان سالمی، عەبڵا نەورۆزی، جەعفەر فەڕاشی ، ناسر ئاهەنگەری، حسێن ساڵمی

دانیشتوان تیمی "ئالان"ی بۆکان لە چەپەوە: محەمەد قادریان، یونس محەمەدی، محەمەد محەمەدی، محەمەد ئارەزوومەند(فەقێ)، سمائیل تەنهایی، ناسر سەعیدی



تیمی هەڵبژاردراوی والیباڵی بۆکان ساڵی 1363ی هەتاوی

راوەستاو لە چەپەوە: ناسر سەعیدی، نادر فەتحی، سەلاح بەهاری، عەبڵا نەورۆزی، یونس محەمەدی، سەرپەرەستی تیم سمائیل ئاقاعەزیزی ، دانیشتوان لە چەپەوە: حسێن سالمی، ئەسعەد عەزیز بەیگی(جەنجەڕ)، ناسر ئاهەنگەری، ناسر بەهاری

تیمی والیباڵی بۆکان بەرە بەرە جێی خۆی لەناو وەرزشەکاندا کردەوە و هاوکات لەگەڵ زۆر بوونی والیبالیست، بینەران و لایەنگرانێکی زۆری پەیدا کرد. لەو ماوە کورتەدا چەندین کێبەرکێمان لەگەڵ تیمەکانی مەهاباد، سەقز، میانواو سنە و... بەڕێوە برد. هەروەها هاوینی ساڵی 1363ی هەتاوی لە کێبەرکێی ئوستانیی لە ماکۆ بەشداریمان کرد.



کێبەرکێی تیمەکانی والیباڵی سابڵاغ و بۆکان

راوەستاو لە چەپەوە : سمائیل ئاقاعەزیزی ، جل سوورەکان تیمی مەهاباد: کەسی سێهەم سەلاح سەیادەت، کەسی ئاخر، سادق ئەمیری، خالید ئیسلام زادە، مستەفا مەعرووفی، دانیشتوان لە چەپەوە: ناسر بەهاری، سولەیمان سالمی، موحسین جەولان، یونس محەمەدی، سەلاح بەهاری، عەبڵا نەورۆزی، نادر فەتحی، حسێن سالمی و سمائیل تەنهایی



کێبەرکێی تیمەکانی والیباڵی میاندواو و بۆکان

راوەستاو: تیمی میاندواو، لە چەپەوە کەسی دووهەم خالید ئیسلام زادە(داوەر) و کەسی ئاخر سمائیل ئاقاعەزیزی
دانیشتوان: لە چەپەوە: سمائیل تەنهایی، ناسر بەهاری، مستەفا مەعرووفی، ئەسعەد عزیزبەیگی، نادر فەتحی، عەبدوڵا نەورۆزی، سەلاح بەهاری، یۆنس محەمەدی، سولەیمان سالمی و محەمەد ئارەزوومەند




هاوینی ساڵی 1363ی هەتاوی کێبەرکێی ئوستانیی لە ماکۆ "راهێنەر: نادر فەتحی"




نادر فەتحی، ناسر ئاهەنگەری




مستەفا مەعرووفی، نادر فەتحی

بەداخەوە بەهۆی زەختی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر خۆم و بنەماڵەکەم بەهۆی چالاکی سیاسیی پێشووم، بەو شێوەیەی خۆم بەرنامەم بۆ گەشەپێدانی وەرزشی والیباڵ بەتایبەت بۆ لاوان، لە بۆکان تەرخان کردبوو، بۆم نەگونجاو و وای لێهات کە هاوینی ساڵی 1364 ی هەتاویی واتە ئوکتۆبری ساڵی 1986ی زایینی بە یەکجاری مەجبوور بە بەجێ هێشتنی بۆکان کرام و لەو ساڵەوە لە هەندەران و لە وڵاتی ئاڵمان دەژیم. لە ئاڵمانیش والیباڵم درێژە پێدا و نیزیکەی یازدە ساڵ وەك یاریکەر و راهێنەر لە

پەنا دەرس خوێندن و کارکردن، چالاك بووم و دواتر بەهۆی کاری زۆر و نەبوونی کات، بۆ هەمیشە دەستم لێ هەڵگرت.

ئەو کات کە لە ورمێ بووم، لەگەڵ تیمی لاوانی شاری ورمێ یاریم دەکرد.  لە سابلاغ لەگەڵ تیمی هیلالی ئەحمەر و لە بۆکانیش لە تیمەکانی "ئاکۆ" و "بەهمەن" کە هەردووکیان خۆم پێکهێنەریان بووم، و تیمی شەپۆل و هەروەها تیمی هەڵبژاردراوی بۆکان یاریم کردووە.



تیمی والیباڵی بەهمەن لە بۆکان

راوەستاو لە راستەوە: عەبڵا نەورۆزی، سمائیل سوڵتانیان، حسێن عەبباس زادە، مستەفا عەبباسی، نادر فەتحی، سەرپەرەست عوسمان تووتونچی، دانیشتوان لە راستەوە: حسێن سالمی، رەحمان نەورۆزی و لوقمان عەبباسی



تیمی والیباڵی شەپۆل لە بۆکان

راوەستاو لە راستەوە: محەمەد ئارەزوومەند(فەقێ)، سەلاح ئاهەنگەری، بەدیع زیایی، ناسر ئاهەنگەری، نادر فەتحی دانیشتوو لە راستەوە: مستەفا مەعرووفی، حسێن نیستانی پوور



وێنەیەکی یاری: سەلاح بەهاری، عەبڵا نەورۆزی، نادر فەتحی و سولەیمان مەردان بەگی

لە کۆتاییدا ئاواتەخوازم گەنجەکان ئەو نووسراوەیە کامیل بکەن و ئەو گۆشە مێژووییانەی من ئاگاداریان نەبووم، پڕی کەنەوە.

بە گوتەی مامۆستا هەژار "دوای زستان بەهار هەر دێ"، هیوادارم ئەو ناحەزانەی ئێران نەمێنن و هەلێك پێش بێ کە من بتوانم جارێکیتر بۆکان و دۆستانی قەدیمیم ببینمەوە.

شاد و سەرکەوتوو بن